# گەنجی کورد لە زەمەنی "تایتانیك"ەوە بۆ "چیرۆکی خۆشەویستیەکی خەمناك"

## خوێندنەوەیەکە بۆ ئەو دیاردانەی لە کات ودوای بینینی ئەم فیلم و درامایەدا دەرکەوتوون

**محەمەد گەلاڵەیی**





خۆشەویستی لەناو بەشێکی زۆری کۆمەڵی کوردیدا مانا راستەقینەکەی خۆی وەرنەگرتووە یا ونکردووە، یان لە ناو رێرەوەکانی خۆشەویستیدا وێڵین بەدوایداو لێگەرینمان تەواو نەبووە، تاوەکو بەهەناسەیەکی رۆمانسیو پر لە حەسانەوە خۆشیەکانی بچێژین، هەتا ئێستا سەدان داستان، لاوك، حەیران، گۆرانیو بەسەرهاتی فولکلۆری خۆشەویستانی کوردمان هەیەو هەموومان بەناوی عەشقو خۆشەویستیو حەزلێکردنەوە تۆمارکردوونو یا بەداستانی عاشقو یا بە شیعرو هۆنراوە بەناوی خۆشەویستی هۆنیومانەتەوە، هەموو زارەوەکانی خۆشەویستیو عەشق بوونو حەزلێکردمان تێکەڵکردوون، هەر وەکو لە کتێبی(لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی: رێبوار سیوەیلی، لا ٣٠) هەر سێ ووشەی ( حەزلێکردن، خۆشەویستی، عەشق بوون) بەتەواوی روونکراونەتەوەو وەك ئەمەی خوارەوە بەکورتی دەیانووسم:



★حەزلێکردن: لەنێوان تاکە کەسیە، پرۆسەیەکی دەروونی، جەستەیی‌و ئۆرگانییە،جۆری پەیوەندی تاك بەخۆیەوەیە، لە سەر پرەنسیپی نەرگسیەتە،ئامانجەکەی سێکس‌و جوتبوونی جەستەییە، بەرهەمهێنی ئەویتری وێنەکراو. واتا(کچ یان کور خستنە ئاوێنەیەکی خەیالی بۆ ئەو ئامانج‌و پرەنسیپانەی نووسیومانن.)

★خۆشەویستی: لەنێوان دوو کەس، پرۆسەیەکی دەروونی، جەستەیی‌و عەقلی ئۆرگانی، جۆری پەیوەندی بەتاك‌و ئەویترەوە، لەسەر پرەنسیپی پەیوەندارانە(نێوان مرۆیی)سۆشیاڵ، ئامانجەکەی ئیرۆتیك‌و سۆزگۆڕینەوە، بەرهەمهێنی ئەویتری واقیعی.

★ عەشق: لەنێوان تاکەکەس‌و یەزدان، پرۆسەیەکی زەینی دەروونی‌و مەعنەوییە، پەیوەندی تاك بەهێزێکی دەرە مرۆییەوە، لەسەر پرەنسیپی باوەڕدارانە، ئامانجەکەی چەپاندن‌و پاسیڤییەتی، بەرهەمهێنی ئەویتری یەزادنی.

تا ئێرە زۆر جار ئەو سێ ووشەیە لەناو ئێمەماناندا زۆر بەتێکەڵاوی هاتووە، زۆر جار نقوومبووینە لە سێ ووشەکەو زۆر جاریش کەوتوینەتە دەرەوەی هەر سێ ووشەکە. ئەو دوو وێنەیەی من وەرمگرتووە بۆ خوێندنەوەیەکە لەسەر بەدیارکەوتنی چەند دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لەناو گەنجانی کورد دا، بەتایبەتی لە کاتی سەیرکردنی فیلمی تایتانیکی ئەمریکی‌و درامای چیرۆکی خۆشەویستیەکی خەمناکی کۆری، بۆیە لە فیلمی تایتنانیکەوە دەست پێدەکەمە، بە دیاردەکانی دراما کۆریەکە کۆتایی دێنم.

## ١

تایتانیك کە بەپرفرۆشترین‌و بە پر سەیرکەرترین فیلمی دونیا دادەنرێت، لە ١٩ دێسەمبەری ١٩٩٧ لە سینەماکانی ئەمریکا بۆ یەکەمین جار نمایش کرا، دواتر بە هەموو جیهاندا بڵاوبۆیەوەو بری تێچووی فیلمەکە دووسەد ملیۆن دۆلار بوو، ماوەکەی لە (١٩٤) دەقیقە بوو، زۆربەی ئەو نووسینانەی لەسەر کەشتی تایتانیك نووسراون بە (کەشتی ئەفسانە) یان بە (ئەفسانەی تایتانیك) ناودەبرێت. کە لە ساڵی١٩١٢زدا لە چوونی لە ئینگلتەراوە بەرەوە بەندەرەکانی نیۆرك خۆی لە بەستەلە شاخێکی بەفراویداو بەشێکی زۆری سەرنشیانی نقوومی دەریا بوون. با لە فیلمەکەو کاریگەریەکانی لە سەر بەشێکی زۆری گەنجانی کۆمەڵگای کوردی دوور نەکەوینەوە، هەروەها ئەو دیاردانەی لە کات‌و دوای نمایشکردنی فیلمەکە دەرکەوتوون، من لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٩٨ لە شاشەیەکی قەبارە چواردەی کەناڵی تەلەفزیۆنییەکی ناوخۆیی بۆ چەند جارێك تا درەنگانێکی شەو سەیری فیلمەکەم دەکرد، زۆر لە گرتەو بەسەرهاتەکانی ناو کەشتیەکە لەو داستانە کوردیانەی خۆمانی وەك: (شیرین‌و فەرهاد)و (مەم‌و زین )ەوە. نزیکن، کورد ئاسا چۆن خۆشەویستانی ئێمە بەیەك ناگەن، هەردوو پاڵەوانەکەی تایتانیکش بەیەك ناگەن. بۆیە بە نمایشکردنی ئەو فیلمە زۆرێك لە دیارەی نوێ سەریهەڵدا وەك: هێشتنەوەی قژو درێژکردنی، شەفکردنی‌و نەرمکردنی وەك جاکی کورە پاڵەوان‌و قۆزەکەی تایتانیك، بۆ ماوەیەك وێنەکانی جاك بە سینگی کورانی کورد نوسان، لە کافتریاو چایخانەکان وێنەکانی هەڵواسران، وێنەکانی بوونە دیاری لەلایەن ئەو کچانەی کە کوریان خۆشدەویست، بە پێچەوانەشەوە، رۆزی کچە پاڵەوان ئەویش بووە دیاری لەلایەن کورانەوە بۆ کچان، کاریگەری فیلمەکە بەمەوە نەوەستا، بەڵکو بەرگی ئەلبوومی کچان‌و کوران‌و ماڵان‌و بەرگی دەفتەرو کتێبی خوێندکاران لە وێنەی تایتانیك پڕبوو، هەروەها وێنەکان چوونە ئارایشتگای ژنان‌و سەرتاشخانەی پیاوان وەك مۆدێل بەکارهاتن، کاغەزی نامەنووسینی خۆشەویستان بووە تایتانیك‌و نامەکانی ئەوکات بە باکگراوەندەکانی تایتانیك رازێندرانەوە، کە خۆی لەوێنەکانی جاك‌و رۆزی شۆخ‌و شەنگ دەبینیەوە، کە دروست کرابوون، نامە گەلێکی زۆر خۆشەویستانی کوردی بێدارکردەوە کە تا نیوەی شەوان‌و ئێواران چاوەڕوانی گەیشتنی نامەکان‌و نووسینیان دەبوون، دواجار جاك‌و رۆز بوونە نازناوی خۆشەویستانی کوڕو کچی کورد، هەموو کوڕو کچێك کە تا ڕادەیەکی زۆر دەبوونە خۆشەویستی یەکتری نازناوی یەکتریان دەکرد بە جاك‌و رۆز، لەپەنای دەرکەوتنی ئەم دیاردانەش، لەناو فیلمەکەدا چەند گرتەیەکی رۆمانسی سێکسی تێدا بوو هەر لە دەستگەمەکانی جاك‌و رۆز لەناو سەیارەکەدا تا دەگاتە وێنەکێشانی رۆز لە لایەن جاکەوە، کە چەندین جار گەنجی کورد بەتەنیا سەیری ئەو گرتانەی دەکرد، بەتایبەتی هەندێ لەو گەنجانەی هەرزەکار (موراهیق) بۆ چەندین جار بە سێدی پەخشیان دەکردەوەو سەیرێکی بێ ئەندازەیان دەکرد، هەر چەندە ئەمە لەلایەکەوە بۆ یەکەمین جار بوو کە ژمارەیەکی زۆر لە بینەری کوردی ڕوو لە فیلمێکی وای ئینگلیزی بکەن، کە پێشتر زۆر ڕوویان لە فیلمی هیندی‌و میسری دەکرد بۆ چەندین سەعات بەدیاریەوە دادەنیشتن، ئەم جارە خۆشەویستی‌و پاکیەکی وەك داستانە کوردیەکان کاریگەری دروستکرد، کە ئەوەندە کاریگەری هەبوو بەشێکی کۆمەڵگای کوردی ناچار بوو لاسایی پاڵەوانەکانی بکاتەوە، بەڵام لە شێوەی خۆشەویستیەکی ئەواندا لاساییان کردەوە، ئەمە زیاتر پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە، لێرەدا نەوەیەکی تر سەرهەڵدەدا کە کەوتۆتە ژێر کاریگەری فیلمە بیانیەکان‌و نەك خۆماڵی‌و داستانە خۆشەویستیەکانی وەك خەج‌و سیامەند، ئەمە نەوەی سەردەمی تەکنەلۆجیایە، هەرچەندە بۆ ماوەیەك تایتانیك کاریگەری لەم شێوەیەی دروستکردو دواتر ئاوابوو، زۆربەی لاسایکەرەوەکانیش گەنجبوون‌و ئێستاش بۆ تەمەنی

سی سالان‌و بیستەکان شۆردەبنەوە، ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە خۆشەویستکاری کورد زیاتر کەسانی ترو شتی تر دەیجولێنێت، واتا نەك هەر لە خۆشەویستی، بەڵکو لە زۆر شت‌و کاردا لاسایی خەڵکانی تر دەکەینەوە، ئەو خۆشەویستیە رەسەن‌و ژینگە پاکەی کوردی هەیەتی لە داستانەکانیداو تێیدا تۆمارکراوە ئەمانە نایجولێنێت، بەڵکو ژینگەیەکی بەستەڵەکی‌و ئۆقیانوسی ئەتەڵەسی‌و بەیەکنەگەیشتنی (جاك‌و رۆز) وەکو لە داستانە کوردیەکانیشدا ئەمە دووبارە دەبێتەوەو، لەگەڵ گرتە سێکسیەکانی ناو فیلمەکە دەیجولێنێت، کە ئەمە لە داستانە کوردیەکاندا وەك شتێکی حەرامکراو کاری لەسەر کراوەو خۆشەویستی نێوان خەج‌و سیامەندو مەم‌و زین هەموو داستانە خۆشەویستیەکان قسەیەك‌و گرتەیەك‌و گێرانەوەیەکی لەم شێوەیەی تێیدا نییەو نابیندرێت، بەڵام گرتە سێکیسیەکان‌و رۆمانسییەکانی (جاك‌و رۆز) خۆشەویستیان بەهێزتر دەکات، گەنجانی ئێستاش ئەو بیرەیان بەلاوە پەسەندەو کاری سێکسیان ئەنجامیانداوە لەگەڵ خۆشەویستەکانیان، بەڵام لە ئەنجامدا نەیانزانیووە کە لە کۆمەڵگای کوردی سێکس دەکەن نەك لە ئینگلیستان‌و لەناو کەشتیەکەی تایتانیك، لە کۆتاییەکەشیدا کورو کچان تووشی چەندەها گیروگرفت دەبن هەر لە توندوتیژی خێزانی‌و دەوروبەر تا دەگاتە کوشتنیان، ئەشێ زیاتر قسە لەسەر تایتانیك بکەین‌و چەندین لێکۆڵینەوەو خوێندنەوە بۆ ئەو فیلمە بکرێت، کە چەندان دیاردەی لەگەڵ خۆی هێناو ئەنجامەکانی بزاندرێ، ئەمانە دیاردە گەلێکن بەهۆی چەندەها فیلمی جۆراو جۆر هاتونەتە ناو ئێمە، پێویستە زیاتر قسەیان لەسەر بکەین.

## ٢

بەشی دوومی خوێندنەوەکەم لەسەر دراماى (چیرۆکی خۆشەویستیەکی خەمناك)ە، کە لە وڵاتی کۆریای باشوور بەرهەمهاتووە، ئەم درامایە پاش دەساڵ لە دوای فیلمی تایتانیك پەخشکرا، ئەمەش وەك فیلمەکە کاریگەریەکانی خۆی وەشاندە ناو گەنجانی کورو کچی کورد، یەکێ لە کاریگەریە هەرە بەهێزەکانی ئەو درامایە مەسەلەی زمان بوو، کە بەکوردی دۆبلاژ کرابوو، بۆیە درامایەکی لەم چەشنەدا لە شاشەیەکی کوردی پەخش بکرێت، هەروەها تەکنەلۆجیا بەتایبەتی مۆبایل کاریگەریەکانی زیاتر بڵاوکردەوە لە وێنەکانی ناو درامایەکە تا مۆسیقای دراماکەو چەند گرتەیەکی ناو دراماکە، ئەم درامایەش وەك داستانە کوردیەکان دوو پاڵەوانە سەرەکیەکان لەکۆتاییدا بەیەکتری ناگەن، ژوانیۆن وەك مەم بەدوای هاینی زینی کۆری دەچێتە ئەمریکا، ئەمانە هەستی بینەری کوردیان جولاندو وایکرد چەند دیاردەیەك بهێننە ناو گەنجان وەك: ناونانی منداڵانی تازە بوو بە ناوی( ژوانیۆن‌و هاین)، کە لە گوندی هاودیانی سەر بەناحیەی دیانا کورێك ناونرا(ژوانیۆن)و لەشاری هەولێری پایتەختی کوردستان کچێکیش ناونرا (هاین)، لەوانەیە لە شوێنانی دیکەش ئەو ناونانە هەبێ، بێجگە لەمەش بڵاوبوونەوەی هەزاران وێنەی هاین‌و ژوانیۆن‌و یۆنگ یو، لەسەر بەرگی ئەلبوومەکان‌و دەفتەری خوێندکاران‌و کتێبەکانیان، ملوانکەی کچان‌و کوران، ئەمە وایکرد چەند هەزار وێنەی ئەم دوو ئەکتەرە کۆریە لە بازارەکانی کوردستان بفرۆشرێت لە شارێکی وەك سۆران کە رێژەی دانیشتوانی نزیکەی (١٢٣٠٠٠) سەدوبیست‌و سێ هەزار کەسە، کە (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار وێنەی هاین‌و ژوانیۆنی لێفرۆشراوە، ئەمە تەنیا لە شارێکی وەك سۆران ئەو ژمارەیەمان نووسیووە، ئەی پرسیارێك هەیە، لە شارەکانی دیکەی کوردستان چەند هەزار وێنەی هاین‌و ژوانیۆن فرۆشراون؟، بێ لەوەی چەندان هەواڵ لە رۆژنامەو گۆڤارەکان‌و ریپۆرتاژ لەسەر دراماکە بڵاوبوونەوە، بەهەواڵی خۆش‌و ناخۆش، سەرنجراکێش، بەژمارەی فرۆشتنی وێنەکان هاین‌و ژوانیۆن‌و چەندان هەواڵی تر، ئەوەی دراماى چیرۆکی خۆشەویستەیەکی خەمناك لە فیلمی (تایتانیك) جیا دەکاتەوە دووشتی زۆر گرنگن:

یەکەم: تەکنەلۆجیا: بوونی مۆبایل بەشێوەیەکی بەر بڵاو لە نێو گەنجانی کورد بە کورو کچەوە، ئەمە وایکرد کە وێنەی سەر مۆبایلەکانیش بە هاین‌و ژوانیۆن برازێندرێنەوە، بێجگە لەوەی زۆربەی مۆسیقای سەر مۆبایلەکان بەتایبەتی لە کاتی زەنگ لێدان هەمووی هی دراماکە بوون، کە زۆر زوو کاریگەری دروستکردو بەڵگەش ئەمەیە هەم لەبڵاوبوونەوەی وێنەکان‌و فرۆشتنی زۆریان‌و ناونانی منداڵانی تازە لەدایك بوو بەناوی پاڵەوانەکانی فیلمەکە، ئەمە زۆر پێی سەرسورمانم کە لە گوندێکی وەك (هاودیان) کە هەزاران کیلۆمەتر دوورە لە کۆریای باشوور، کورێکی کورد بە ناوی ئەکتەرێکی کۆری دەکرێت، کە لەراستیدا هەزاران کیلۆمەتر لە پێشکەوتن‌و رۆشنبیری‌و بیرکردنەوەو خۆشەویستی لە نێوانماندا هەیە، ئەمە واتایەکی دیکەی جیهانگیری‌و تێکەڵبوونی کولتورەکان دەگەیەنێت. نەك پێکدادانی کولتورەکان، کە پێکدادانی کولتوری کوردی ئیسلام‌و کۆریەکی پرۆستانت دروست بێت، بەڵام لەسەردەمی نمایشکردنی فیلمی تایتانیك تەکنەلۆجیا، بەتایبەتی مۆبایل‌و ئینتەرنێت بەو شێوەیەی ئێستا هەیمەنەی لە سەر کۆمەڵگای کوردی بەتایبەتی گەنجان نەکردبوو. بۆیە کاریگەریەکانی بۆ ماوەیەکی درێژی ئەوتۆ نەخایاند.

دووەم: سەردەمی نمایش کردن: سەردەمی نمایشکردنی فیلمی تایتانیك‌و چیرۆکی خۆشەویستیەکی خەمناك، دوو سەردەمی زۆر جیاواز لە کوردستان پێشانمان دەدات، ئەوەی لە کوردستان لەدوای ساڵی ١٩٩٧ کە خەڵکەکە تامەزرۆی فیلمی تایتانیك بوون، لەبەرئەوەی کۆتایی شەری ناوخۆو سووکبوونی ئەو بارە ئابووریەی سەر شانی خەڵك بوو کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ بەدەستیانەوە دەیانناڵاند، بۆیە خەڵك پاش ئەم سەردەمانە یاخود لەکاتی شەرو گرانی باری ئابووری حەز بەو فیلمە رۆمانسیانە دەکەن، کە بۆ کاتێکی دیاریکراو دەیانگوزاێتەوە بۆ شوێن‌و کات بەسەر بردنێکی خۆش‌و پر لە خەیاڵ‌و رۆمانسیەت، ئەوانیش حەز دەکەن لاسایی پاڵەوانەکان بکەنەوە، یان رۆژێك بێت وەك ئەوان جیهانێکی وایان بۆ برەخسێت‌و لە ژینگەکی ئاوادا لەگەڵ خۆشەویستەکانیان تاوەکو بەیانی چەندین رامووسان‌و دەستگەمەی سێکسی بکەن.

سەردەمی نمایشکردنی دراماى (چیرۆکی خۆشەویستیەکی خەمناك)یش، سەردەمێکە پرە لە گەندەڵی‌و کوشتنی خەڵك‌و تیرۆرو هەواڵی ناخۆشی تەلەفزیۆن‌و رۆژنامەو گۆڤارەکان‌و گرانی بازارو کۆچی بەردەوامی لاوان لە کوردستان‌و عێراقەوە بۆ ئەوروپا، ئەمە خەڵکیان گێژ کردبوو کە رۆژانە گوێبیستی ئەم هەواڵانە دەبوون، بۆیە کە دراماکە دەستی پێکرد خەڵك خوا خوایان بوو کاتی نمایشکردنەکەو زوو رۆژانی چوار شەممەو یەك شەممە بێتەوەو بەدیار ئەڵقەیەکی نوێی دراماکە دابنیشنەوە. ئەمە ئەو کاتانە بوون کە زۆرێك لەگەنجان تاموچێژێکی زۆریان لێدەبینی، بێ لەوەی حاڵەتی دەروونی زۆربەی کەس وایە کە حەز دەکات پاش ناخۆشیەکان خۆشیەك رووی تێبکات، ئەمەش خۆی لەو درامایە بینیەوە، کە خۆشیەیەکی زۆری رۆمانسی تێدابوو، کە فیلمەکەو درامایەکەش بە رۆمانسی ناسراون‌و بۆیە بینەرێکی زۆری دونیا سەیرکەری بوون، بێ لەوەش جاك کە ناوبانگێکی زۆر دەرکرد بەهۆی تایتانیك، بەهەمان شێوەش ژوانیۆنیش لەسەر ئاستی ئەمریکاو ئاسیاو زۆربەی وڵاتانی دونیا دوای ئەو درامایە ناوبانگێکی زۆری بۆ پەیدابوو.

لە دوا دێرەکانی ئەم خوێندنەوەیەدا، دەگەینە ئەنجامێك کە هەر سەردەمێك شتێك زادەی دەبێت، وەك تەکنەلۆجیاو خێرایی‌و کاریگەریەکەی وایانکرد درامایەکی لەم جۆرە کورو کچی کوردی بەناو بکرێت، کە ئەمە بە دوا نووکی کاریگەری قووڵ دادەنرێت لەسەر کۆمەڵگای کوردی‌و بەتایبەت خێزان‌و گەنجانی کورد، کە حەز ئەکەم ئەمە خوێندنەوەیەك نەبێت‌و بەس، بەڵکو چەندان خوێندنەوەی تر بەدوایدا بێن، بۆ شیکردنەوەو رەخنەگرتن لەسەر ئەو دیاردانەی لەکاتی بەدەرکەوتن‌و نمایشکردنی فیلمێك یا درامایەکی بە کاریگەر کە چەندان دیاردەی کاریگەری سلبی‌و ئیجابی لەگەڵ خۆی بۆ نێو ژیانی کۆمەڵی کوردەواریمان دەهێنێت.

